# التحاد العام اللاجئين العراقيين

**THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEE**

**نامەیەکی کراوە بۆ وەزیری ناوخۆی بەریتانیا**

**بابەت : دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی**

**پاش سلاو**

**بێگومان بەڕێزتان ئاگادارن لەم ڕۆژانەدا پۆلیسی حکومەتی بەریتانیا کەوتووتە ڕەشبگیری پەنابەرانی کوردی عیراقی و لەکاتی سەردانی پۆلیس بۆ ئیمزاکردن ژمارەیەکی زۆریان لیٚ دەستگیرکراوەو هاوکات هەمووشیان لەبەردەم هەڕەشەی دیپۆرت کردنەوەدان. بەلام ڕیگە بدەن ئەو پرسیارە بخەینە بەردەست بەڕیزتان وبلێین کە ئایا بەتەمان هەزاران پەنابەر بۆ کام وولات بنیرنەوەو بەپشتیوانی کام یاسای نیونەتەوەی دەتوانن بە زۆر پەنابەران دیپۆرت بکەنەوە؟ بەم بڕیارە بەکردوە حکومەتی بەریتانیا بەرپرس دەکات لە پیشلکردنی مافی نیشتەجی بوونی ئەو کەسانەو پیشیلکردنی بریارنامەکانی جنیفی 1951 و جارنامەی مافی مرۆڤ !**

**دلنیام خستنە ڕووی ئەم پرسیارە ڕاستەخۆ پەلکێشمان دەکاتە نیو ئەو جەهنمەوە کە حکومەتی بەریتانیا پشکی شێری بەر کەوتووە لە خۆلقاندیدا. حکومەتێک کە دەیان سالٚ بوو پشت وپەنای حکومەتی عیراق بوون و چاوی لە دەیان کارەسات وجینۆسایدی بەعس نووقاند دژ بەخەلگی عیراق، کەچی لەپڕ دوو سالٚ لەمەوبەر بەو ئاکامە دەگەن کە سەرانی بەعس و حکومەتەکەی دیکتاتۆرن ودەبێت خەلٚکی عیراق لەشەڕی ئەمانە ڕزگار بکەن. بەهەرحال ئەمە لە کاتێکدا بوو کە خەلکی عیراق دلٚی بەوە خۆش بوو کە گۆربەگۆرکردنی بەعس دەبیتە هەوینی دەستەبەرکردنی مافە سەرەتای یەکانیان وئیتر وەک ئینسان دەژین. بەلام بەڕاستی ئێستەپرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا پاش ڕووخانی ئەو دیکتاتورە دیموکراسی و بەهاکانی ئینسان و عدالەت وماف پەروەری گەراوەیەوە بۆ خەلکی عیراق، یان سیناریۆیەکی ڕەش 25 ملیون ئینسانی پەلکێش کردوەتە بەردەم گەورەترین تراژیدیاو ڕۆژانە سەدان کەسی خەلکی عیراق دەکرێتە قوربانی سیاسەتەکانی هێزەکانی هاوپەیمان و مقاوەمەتی بەرەی تیرۆریستی بەرامبەریان. کەچی ئیستە دەتانەویت هەزاران کەس لە دانیشتوانی ئەو وولاتەی کە خەلٚکەکەی لەدەست ئەو دۆخە ناچار بە هەلهاتن بوو، دەیانەویت دیپۆرتیان بکەنەوە بۆ ناوچەیەک کە گوایە ئاسایشی تیدا بەرقەرارە !!**

**جیگەی خۆیەتی لیٚرەدا هەلوێستەیەک بکەین لەسەر ادعایەک کە حکومەتی بەریتانیا دەکات لەپەیوەند بە بوونی ئاسایش لە بەشێکی ئەم وولاتەدا کە ناوچەکانی کوردستانی عیراقە. با لەوەی گەڕێن کە گەندەلی سیاسی و ئیداری و ئابوری دەستەلات و حکومەتی ئەم ناوچەیە بە چ ئاستێکی کەم وێنە گەشتووەو چۆن باجی هەموو ئەو بارودۆخەش دانیشتوانی خەلٚکی ئەم دەڤەرە دەیدەن و تەنانەت کار بەجیٚ یەک گەشتووە کە خەلکی ئاو، کارەبا و سووتەمەنی نەبێت و لەسەر دەربڕینی بیرورا، خوپیشاندان، مانگرتن و ڕەخنەگرتن لە کونجی زیندانا خەلٚکەی توند بکریت و خەبەریک لە ماف و ئازادی یەکانیان نەبێت کەچی هێشتا حکومەتی بەریتانیا هەر لەبەر ئەوەی کە بەرژەوەندی وا دەگونجیت بریاری گەڕانەوەی هەزاران ئینسان بدات بۆ وولاتیک کە نەک هەر هیچ ئەمنیەت وئاسایشیکی تیدا نیە بەلٚکو لە ڕاستیدا پەرەسەندنی کۆرو کۆمەلٚە تیرۆریست و ئیرهابیەکان هیچ ئومێدیکی بۆ هیوەرکردنەوەی ئەم ناوچەیەش نەهیشتووەتەوە. مەگەر ئیوە خۆتان ئاگاداری ئیرهاب و تیرۆری تەقینەوەی زۆریک لە شارەکانی ئەم ناچەیە نین ؟ مەگەر حکومەتی بەریتانیا ئاگاداری قولای ئەو بیٚ یاساییە نیە کە ئەم ناوچەیەی چۆن و چەند نا ئارام کردوە . هەروەها سەپاندنی دەستەلاتی قەوم هۆزو عەشیرەت و هەرلایەنێک بۆخۆی بەپیٚ داب ونەریت وسنووری دەستەلاتی خۆی چۆن بڕیار لەسەر چارەنووسی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە دەدات. خۆ ڕەنگە ئاگاداری ئەوەبن کە ئەم ناوچەیە بەسەر دەستەلاتی چەند حزب و هێزی ملیشا دابەشکراوە کەزۆرجار خۆ تەسلیم کردنی چەکداری لایەنیک بە لایەنێکی تر دەبێتە هەوێنی ئەزمەو کێشمەکێشیکی جدی لەنیوانان.**

له هەموو ئەمانەش بگوزەرین ئایا حکومەتی بەریتانیا چەند دە ساله بریارنامەی جنیفی 1951 و جارنامەی مافی مرۆڤی پەسەندکردوە، کەوا ئەمرۆ بە ئاسانی ڕێگە بەخۆی دەدات پشت لەهەموو پرنسیب و بنەماکانی ئەو پەسەندکراوانه بکات وپەنابەران دەستگیربکات و بڕیاری دیپۆرت کردنەوەیان بدات بۆ وولاتیکدا که نەک هەر شەڕو کوشتارو تیرۆرو نائەمنی تەنگی بە ژیانی خەڵکەکەی هەلچنیووە، بەڵکو لەراستیدا بەهۆی سیاسەتی دابەشکردنی عیراق بەسەر عەشیرەت وقەوم و دین و تایفەدا، ئەم کۆمەلگایه لەبەردەم گەورەترین مەترسی شەڕی ناوخۆدا راوەستاوە. وولاتیک لەو کاتەوە که هێزە هاوپەیمانەکان چوون بۆ ((رزگارکردنی))، زیاتر لەسەدا هەزار ئینسانی تیدا کراوەتە قوربانی ولەباتی رزگار بوون لەدەست دیکاتاتورێک چەندین دیکتاتوری تر جیگرتووەتەوە. وولاتیک که ئەمڕۆ چاو لەهەموو نائەمن بوونێکی دەنوقێنرێت و دەخریته بەردەم دانانی دەستوور، دەستووریک کەبەر لە هەرشیتک ئەوەی بۆ هەموو لایەک رۆشنکردوەتەوە کە نەک هەر حکومەتی ئایندەی عیراق حکومەتیکی ئسلامی یە بەلکو فەرمان ڕەوابوونی شەریعەتی ئیسلام ژنان لە سایەیدا دەبنه کۆیلەو پله دوو سیّ. هەربۆیه بەکردوە ئەمرۆ پیوانەی رزگاربوونی عیراق به هیمای دەستەلاتداربوونی حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئیران دەپیوریت، که هەموو لایەک باش دەزانیت کە ئەم حکومەتەوە لەمێژووی دەستەلاتداریەتی خۆیدا چ دەورەێکی مەترسیداری هەبوو لە پەرەپێدان و بەهێزکردنی تیرۆریزم له ئاستی جیهاندا.

بەڕێزان ئێمە دلنیاین لەوەی کە خەڵکی بەریتانیا پاش تەقینەوەکانی ئەم دوایانه دووچاری دڵەڕاوکەو نیگەرانی بوون، بەلام نابێت و ناکرێت حکومەت و وەزارەتی ناخۆ باجی ئەو تەقینانەوە بخاته سەر شانی کەسانێک که خۆیان چەندینه ساڵه بوونەته قوربانی تەقینەوەو تیرۆرو ئیرهاب و دیکتاتوریەت. دەبوو ئەم ئاراسته پیچەوانەکەی بوایه حکومەت پاش تەقینەوەکانی ئەم دوایانه ڕیشەکێشی کۆرو کۆمەله ئیسلامیه تیرۆریستەکانی بکردایە، نەک قوربانیانی تیرۆرو ئیرهاب جاریکی تریش لەبەریتانیا بکەنەوە قوربانی وبریاری دیپۆرکردنەوەیان بدەن .

بۆیه ئیمه وەک فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی داواتان لیّ دەکەین که جارێکی تر چاوبگرینەوە بەسەر بڕیارەکەتانداو سەرباری لغوکردنەوەی هاوکات هەموو ئەو کەسانه له مافی پەنابەری بەهرمەند بکەن که بەهۆی شەڕو کوشتارو نائەمنی یەوە ناچار بە ڕوو کردنه هەندەران و گیراسانەوە بوون لە وولاتەکەی ئیوەدا .

بەهیوای هاوکاریتان

ریبوار عارف

سکرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

2005 / 8 / 19

نسخەی ئەم نامه بۆ کۆمسیونی مافی مرۆڤ لە ئەوروپا

ریکخراوەی بالای نەتەوە یەکگتووەکان

ئەمنستی ئەنتەرناسیونال

**Address: R . A** **fediraq@welho.com**

**00300 Helsinki - Finland** **Tel : 0058 044464905**